# برۆن کێک بخۆن

حەمەسەعید حەسەن

داهاتی کوردستان لەژێر دەستی ئاسنینی سەرانی دوو زلحیزبەکەدایە و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و پڕوپاگەندەی حیزبی دەخرێتە گەڕ. ئێستا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ برسێتیدا دەجەنگن، فەرمانڕەوایان تا دێت زەنگین و زەنگینتر دەبن. دەسەڵاتدارانی کوردستانی ئازاد وەک چارەسەرێک بۆ ئەو خەڵکە برسییە نابیننەوە، هیچ نەبێت، ئەو ئەرکەش ناکێشن، لە شانشینی تەلارەکانیانەوە، پێیان بڵێن: برۆن کێک بخۆن!

پێش نۆی ئەپریل ئەوی باسی لە خەمی هەژاران کردبا، بە تابووری پێنجەم نێوزەد دەکرا، هەنووکە کە بەعس گلاوە، ئەوە بۆچی لایەنێک لە پێناوی بەدیهێنانی خواستەکانی لەشکری چەوساوەکاندا، یەخەی فەرمانڕەوایان ناگرێت؟ بە ڕاست کاری ئەو پۆلە حیزبەی خۆیان بە دەمڕاست و پێشڕەوی هەژاران دەزانن، چییە؟ هەژارانی کوردستان هەرگیز هێندەی ئێستا دەستکورت نەبوون، سەرمایەدارانی کوردستان هەرگیز هێندەی ئێستا دەوڵەمەند نەبوون؛ ئەگەر شنەی ئازادی ئاڵای وڵات دەشەکێنێتەوە، لە سۆنگەی چییەوەیە زەریای تووڕەی لەشکری هەژاران لە شەقام و گۆڕەپانەکانی شارەکانی کوردستاندا شەپۆل نادات؟

ئەگەر پدک و ینک بەشێک نەبوونایە لەو توێژە دەوڵەمەندەی گەمە بە ژیانی هاووڵاتییان دەکات، هەنگاوێکیان لە بەرژەوەندیی کەمدەرامەتان دەهاویشت. ئەگەر ئەو ڕەوشە ئابوورییەی هەنووکە کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، لە قازانجی دەستڕۆیشتووانی نێو دوو زلحیزبەکە نەبووایە، لەمێژ بوو، هەڵوێستی کاربڕیان نواند بوو.

جاران بە بیانووی ئەوەی کوردستان داگیر کراوە، ئەوی لە قازانجی هەژاران هاوارێکی کردبا، بەو پاساوانەی کوردستان پرۆلیتاریای تێدا نییە و کێشەی چینایەتی پێویستە دوای ڕزگارکردنی نیشتمان چارەسەر بکرێت، دەست دەخرایە بینی. هەوکە کە هەموو کوردستان بە دەست کوردەوەیە، دەزگا سەرکوتگەرەکانی ینک و پدک کە سەلماندیان پاسەوانانی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەمەندەکانی کوردستانن، ئەوی باس لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات، زمانی دەبڕن.

کەسوکار و بنەماڵەی ئەوانەی لە پێناوی ئازادکردنی کوردستاندا گیانیان بەخشی، ئەوانەی بەرگەی گوشاری بەعسیان گرت و خۆیان نەفرۆشت، ئەوانەی خەباتگێڕ بوون نەک سیاسەتباز، ئەوانەی لە تەنگانەدا، نەبوونی مووچە سەنگەری خزمەتکردنی گەلی پێ چۆڵ نەکردن، لە ئازادبوونی کوردستان، تەنیا برسێتییان پێ بڕا.

2003. 06. 03